هاتوچۆی گشتی عێراق: پێبژاردنەکان بەپێی یاسا دیاریکراون



بەڕێوبەرایەتی گشتی هاتوچۆی عێراق ئەمڕۆ هەینی رایگەیاند، "ئەو بڕە پێبژاردن (غەرامە)یەی کە لەڕێگەی کامێرای چاودێریەوە تۆمارەکرێت و لە شۆفێر وەردەگیرێت، هەمان ئەو بڕە پارانەیە کە پێشتر لەڕێگەی پسوڵەوە تۆمارکراون،ئۆتۆش بڕێی پێبژاردنەکان بەپێی یاسا دیاریکراون".

عەمید زیاد قەیسی وتەبێژی هاتوچۆی گشتی عێراق رایگەیاند، بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ بەپێی یاسای هاتوچۆ ژمارە 8ی ساڵی 2019 کاردەکات، کە جۆری سەرپێچیەکان و بڕی پێبژاردنەکانی دیاریکردوە".

ئاماژەی بەوەشکرد، "پێبژاردنەکان بەپێی یاسا دیاریکراون، بۆیە هیچ کەسێك ناتوانێت بڕی پێبژاردن کەمبکاتەوە یان هەڵبوەشێنێتەوە، یان دو هێندە بکات، جا لەڕێگەی کامێراوە تۆمارکرابن بێت یان لەڕێگەی پسوڵەوە".